# بارودۆخی سیاسی ئەدیابین لە سەردەمی ئەشکانیدا

**هاژە عبد الجبار رضا، کۆزاد محمد احمد**

بەشی شوێنەوار، کۆلێجی زانستە مروڤایەتییەکان، زانکوی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە –** زانیارییەکانمان لەبارەی Adiabene وسنوورەکەیەوە پشت بە جوگرافی ناسەکانی یۆنان ورۆمان وەکو (ستراباو Strabo وبەتلیمۆس Ptolemy وپلینی Pliny) دەبەستێت. ئەدیابین لەگەڵ دەرکەوتنی ئەشکانییەکان وەکو شانشینێکی سەردەمی ئەشکانی دەستنیشانکرا، پایتەختەکەی ئەربێلا (هەولێری ئێستا) بوو، دەکەوێتە نێوان هەردوو زێی گەورە وبچووک کە لە لیکوس وکاپرۆس ناسراون، وهاوسنوور بووە لەگە ڵ ئەرمینیا، کۆردوێنێ/گۆردینێ (لە باکورەوە) ودەریاچەی ورمێ (لە رۆژهەلاتەوە) ، رووباری دیجلە (لە رۆژئاواوە) وتەنانەت هەندێك زەوی رۆژئاوای دیجلەش وەکو شاری ئاشور. شانشینی ئەدیابین بوو بە پەناگەی بۆ پادشایانی ئەشکانی، بە تایبەت لەسەردەمی ئێزاتیسی دووەم دا. شانشینی ناوبراو وپایتەختەکەی کە ئەربێلا بوو پێگەیەکی دیاریان هەبوو بۆیە بەشێکی زۆر لە تەرمی پادشایانی ئەشکانی لە ئەربێلا دەنێژران.شاژنی ئەدیابین 'هێلینا ' Helena وکوڕەکانی ئێزاتیس دووەم و مۆنۆبازۆس دووەم چوونە سەر ئاینی جولەکە وخزمەتی پەرستگا وئاینی جولەکەیان کردووە، دوای ئەوە بنەماڵەی شاهانەی ئەدیابین چوون بۆ ئورشەلیم-قودس ولەوێ نیشتەجێ بوون چەند پرۆژەیەکی نیشتەجێ بوون وخێرخوازییان ئەنجام دا، هێلینای شاژنی ئەدیابین لەگەڵ کوڕەکانی لە گۆرستانی پادشایانی ئورشەلیم نێژراون. جار هەبووە فەرمانڕەوا ڕێگە پێدراوبوو بەوە ی نازناوی پادشا لەخۆی بنێت. بۆ ماوەیەکی زۆر کورت ئەدیابین کەوتە ژێر دەستی رۆمانەکانەوە کاتێك تراجان (98-117ز.) لە 115ز./ 116ز هێرشی کردە سەر ئەشکانییەکان. بەمەش تراجانی ئیمپراتۆر نازناوی ئەدیابینیکۆس Adiabenicus ی وەرگرت. بەڵام لە دوای کاراکاللا وهاتنی 'ماکرینوس Macrinus' (217-218 ز.) بۆ سەردەسەڵات کۆتایی بەو ناکۆکییە هات کە لە نێوان ئەشکانییەکان ورۆمانەکان دروست بوو.

**کلیلی ووشە:** ئەدیابین، سەرچاوە کلاسیکییەکان، لیکوس، کاپرۆس، هێلینا.

## تەوەری یەکەم

## سنووری ومەودای ئەدیابینـ (ێ)/Adiaben(e)

لەبەر ئەوەی تۆمارە ئەشکانییەکان بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو لەلایەن ساسانییەکانەوە وێران کران، زانیارییەکانمان لەبارەی Adiabene وسنوورەکەیەوە پشت بە جوگرافی ناسەکانی یۆنان ورۆمان وەکو (ستراباو Strabo وبەتلیمۆس Ptolemyو پلینی Pliny) دەبەستێت(Sellwood, 1983, 456-459 ) سێ لەو سەرچاوە کلاسیکییانە لەبارەی ئەدیابینەوە دەدوێن وبەشێوەیەکی وورد وەسفی سنوورەکانی دەکەن ئەوانیش: 'جوگرافیای ستراباو .Strabo Geog' و' ئەمیانوس مارشیللینوس Ammianus Marcellinus ' هەروەها 'بەتلیمۆسPtolemy' ن (Marciak, 2017, 257). بۆ نمونە لە جوگرافیای ستراباودا و لە برگەی 16.1.1 (لە وەسفی وولاتی ئاشورییەکاندا) (Strabo, 16.1.1, 193) و لە 16.1.8 ( لە وەسفی وولاتی بابل دا) ,Strabo) 16.1.8, 203) ودواتر لە 11.4.8 (لە وەسفی سنوورەکانی ئەرمینیا) ,Strabo) 16.1.8, 231) دا ناوی ئەدیابین بە شێوەیەك هاتووە کە دەکەوێتە دەوروبەری ئەو وولاتانەوە. بە ووردبوونەوەی توێژەر لە برگەکانی 11.4.8 و 16.1.1ی جوگرافیای ستراباودا دەرکی بەوە کردووە کە ناوی ئەدیابین لەپاڵ ناوی ناوچەیەکدا هاتووە پێ ووتراوە 'کالخینێ Calachene '،(Strabo, 16.1.1 and 11.4.8) ئەو ناوە هاوتایە لەگەڵ کالح/کەلحو ' Kalaḫ/kalḫu. بەشێك لە توێژەران پێیان وایە کە دەتوانرێت ئەدیابین بەناوچەکانی دەوروبەری نەمرود یش بناسرێت(Marciak, 2017, 257). بە لام مارچیاك Marciak خۆی ڕای وایە کە ئەدیابین بریتی نییە لەدەوروبەری نەمرود بەتایبەت رۆژئاوای نەمرود و نەینەوا یان گۆردینێ ,Marciak, 2017) Gordyene(257. بەڵکو بەپێی بارودۆخی سیاسی وولات ئەدیابین گەورە و بچووك بۆتەوە لە خوێندنەوەمان بۆ ووردەکاری رووداوەکان سنووری ئەدیابین دەخەینە روو.

لە برگەی 16.1.3-4 جوگرافیای ستراباودا، لەبارەی سنووری ئەدیابینەوە دەڵێت کە " ئێستا شاری' نینۆس Ninos ' (کە لە 608پ.ز.) دەستی بەسەرا گیراوە. نینۆس زۆر لە بابل گەورەترە، دەکەوێتە دەشتی' ئاتوریا Atouria .' سنوورەکانی ئاتوریا دەکەوێتە هەرێمی ئەربێلاوە، لەگەڵ رووباری لیکوس Lycus (,Marciak, 2017) 259, Strabo, 16.1.3-4 کە دەکەوێتە نێوەندیان. ئەربێلا، دەکەوێتە بەرامبەر بابل کە سەر بەو وولاتەیە، ودەشتاییەکانی ئاتوریا دەکەونە کەناری دووری رووباری لیکوس. لە ئاتوریا گوندی گەوگەمێلا هەیە، کە تیایدا هێرش کرایە سەر داریوش و ئیمپراتۆریەتەکەی تێکشکا." (Strabo, 16.1.3-4, p. 195-197.) دواتر دەڵێت "لە دوای ئەربێلا ونیکاتۆریوم دەگەیتە رووباری'کاپروس Caprus' کە هەمان دووری ئەربێلا ورووباری لیکوسی هەیە. هەرێمەکە بە' ئارتاکینێ Artacene ' ناسراوە ( , Strabo, 16.1.816.1.18, Smith, 1854, 226.) .

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 9، العدد 4 (2023) ؛ عدد الصفحات (7)؛ معرف الکائن الرقمي: 10.21928/juhd.v9n4y2023.pp74-80
ورقة بحث منتظمة: أستلم البحث في 9 ايار 2023 ؛ قُبل في 14 حزيران 2023؛ نُشرت في 8 تشرين الأول 2023؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: hazha.raza@univsul.edu.iq, kozad.ahmad@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © هاژە عبد الجبار رضا، کۆزاد محمد احمد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

لە نزیك ئەربێلا شاری 'دیمیتریاس Demetrias ' هەیە. دواتر سەرچاوەیەکی نەفتا Naphtha دەکەوێتە بەرچاو، پاشان بەرەو ئاگرەکان، و پەرەستگای ئانیاAnea ، وشاری ساندەرکای Sandracae ، وئەمجا کۆشکی شاهانەی داریوشی کوڕی هیستاسپێسHystaspes ، وپاشان بەرەو کیپاریسسۆنCyparission ، وپاش پەڕینەوەی ڕووباری کاپرۆس(؟)، لەکۆتایدا دەگەیتە نزیك سلوقییە وبابل ،( Strabo, 16.1.3-4, p. 197.). لێرەدا سترابۆ کاتێك ناوی شارەکانی نینۆس وئاتوریا دەهێنێت مەبەستی لە نەینەوا و ئاشورە.

لە بارەی سنووری ئەدیابینەوە، وادیارە سترابۆ سنووری باکوری ئەدیابینی بە زێی گەورە Lycus دیاری کردووە کە ئەدیابین لە دەشتی ئاشور جیادەکاتەوە، بەهەمان شێوە سنووری باشوری بە ڕووباری کاپرۆس Caprus دیاری کردووە، کە بە ووتەی سترابۆ هەمان دووری زێی گەورەیە بۆ ئەربێلا. لە ڕاستیدا سنووری باشوری ئەدیابینە بۆتە جێگەی سەرنج وگفتوگۆ ی توێژەران دوای ئەوەی خودی سترابۆ زیاتر لە جارێك ناوی ڕووباری کاپرۆسی هێناوە، جاری یەکەمیان دەڵێت دەکەوێتە هەمان دووری نێوان لیکوس (زێی گەورە) و ئەربێلاوە کە زیاتر لەگەڵ زێی بچووك دەگونجێت، بەڵام جاری دووەم دەڵێت لەدوای پەڕینەوەی ڕووباری کاپرۆسCapros ، دەگەیتە نزیك سلوقیە وبابل. لە جاری دووەم دا وادیارە سترابۆ هەڵە بووە لە دەستنیشان کردنی ناوی ڕووبارەکە، کە دەبوو ناوی ڕووبارەکانی دیالە وعوزێم بهێنێت لە ناوچەکەدا نەوەك زێی بچووك، وئەگەر بێت و ناوی ڕووباری کاپرۆس بێت بە گۆرگۆس Gorogos کە ڕەنگە هاوتای ڕووباری دیالە بێت(Ptolemy, 1932,6.1.6, 132-133) یان عوزێم (Marciak, 2017, 259 ) ئەوە زانیارییەکە ڕاست دەبێتەوە. مارچیاك پرسیارێکی خستۆتە ڕوو ودەڵێت ئایا دەشێت سنووری ئەدیابین بە بۆچونی سترابۆ بکەوێتە نێوان ڕووباری لیکۆس Lykos (زێی گەورە) وگۆرگۆس Gorogos (ڕووباری دیالە یان عوزێم) ەوە؟.هەرچەندە ئەو ڕستەیەی سترابۆ لەبارەی وولاتی ئەرتاکێنی وەسفی ئەربێلا بنبڕ دەکات، کاتێك ناوی چەند ناوچەیەك دەهێنێ کە ڕەنگە سەر بەهەرێمێکی دیکە بن، بەڵام دەکەونە نێوان کاپرۆس وگورگۆس، بەڵام مارچیاك پێ وایە دەشێت هەردوو بۆچونەکە گونجاوبن(Marciak, 2017, 259)، توێژەر تەواو هاوڕایە لەگەڵ بۆچونەکەی هێرتسفێلد( Herzfeld, 1968, 229) وئەو توێژەرانەی کە کۆدەنگن لەسەر ئەو هەڵەیەی سترابۆ تێ کەوتووە وئێمە پێمان وایە ناکرێت لە یەك کاتدا بە دوو شێوازی جیاواز سنوورەکانی ئەدیابین دیاریبکرێت، بۆیە دەبوو لە دووەم پێناسەدا سترابۆ لە بری ڕووباری کاپرۆس ڕووباری گۆرگۆس ی بنوسیاییە.

لێرەدا ئەوەی بۆ توێژەر دەرکەوت ئەوەیە کە پوختەی وەسفەکەی سترابو ئەوە دەگەیەنێت شانشینێك لەنێوان دوو ڕووباری هاوشێوەی یەك هەبووە، ئەو شانشینە هەردەبێت ئەدیابین بێت کە پایتەختەکەی ئەربێلا بووە یە ودەکەوتە نێوان هەردوو ڕووباری لیکۆس وکاپرۆس (Marciak, (2011), 182)،کە بە زێیی گەورە وبچووك ناسراون (Marciak, (2011), 186).

لە جوگرافیای سترابۆدا و لە بڕگەیەکی گرنگدا دەڵێت: "بەشی هەرە گەورەی ئەدیابین لە دەشتایی پێکهاتووە، لەگەڵ ئەوەی بەشێك بووە لە بابل، بەڵام فەرمانڕەوای تایبەت بە خۆی هەبووە. لە هەندێ لاوە هاوسنووری ئەرمینیا بووە،" لەهەمان بڕگەدا دەڵێت "کەواتە ئەدیابین و ئەدیابینێ 'ساککۆپۆدیس Saccopodes' ی پێ دەوترێت(Strabo, 16.1.19, p. 225) ، ئەمە ووشەیەکی یۆنانییە ئینگلیزییەکەی "Sack-feet" ە واتای "پێ تورەگە" دەهگەیەنێت(Strabo, 16.1.19, p. 225) ، وادیارە ناوێکی ناوچەیی بووە لە زمانی ناوچەکە لە گۆ کردن دا لەم ووشە یۆنانییە چووە.

ئەمیانوس مارشیللینوس سنووری ئەدیابینی دیاریکردووە لە 22-23.6.20 دەڵێت:" بە بۆچوونی یۆنانییە کۆنەکان ناوچەی ئەدیابینە، کە لە سەردەمە دێرینەکاندا بە ئاشور ناسراوە، دەکەوێتە نێوان هەردوو ڕووباری ئۆنا Onaو دیجلەTigris وە. بەڵام من دەڵێم کە لە خاکەکەیدا دوو ڕووباری هەمیشەیی هەن ئەوانیش دیاباس Diabas و ئەدیاباس Adiabas ن کە خودی خۆم پیایدا تێپەر بووم. لە ئەدیابین شاری نینۆس هەیە کە لە ڕۆژگارێکدا لەژێر فەرمانڕەوایی فارسدا بوو، ئەوەی ناوی نینۆس بەنەمری دەهێڵێتەوە، پادشایەکی بەهێز وهاوسەرەکەی سەمیرامیسە" ( Marcellinus,1940, 361).

لێرەدا دەبینین ئەمیانوس مارشیللینوس دوو بۆچوونی خستۆتە ڕوو لە دیاریکردنی سنووری ئەدیابین، ئاماژەی بەوە دا کە دەکەوێتە نێوان ڕووباری دیجلە وڕووباری ئۆنا، کە مارچیاك پێ وایە ناوە ڕاستەقینەکەی دەبێت ' ئابۆراAbora ' بێت کە دەتوانرێت زۆر بە ئاسانی بناسرێتەوە کە ڕووباری خابوورە. بەڵام ئەوەی ماوەتەوە بڕیاردانە لەسەر ئەوەی ئایا مەبەستی لە خابووریە (کە لە ڕۆژهەڵاتی سوریایە) یان خابوری ڕۆژهەڵات (کە پێش خابوری پێ دەوترێت)؟ ئەگەر بژاردەی یەکەم هەڵبژێرین بە گەورەترین فراوانی ئەدیابین لەقەڵەم دەدرێت کە نوسەیبین یش دەگرێتە خۆ(Marciak, 2017, 260-261). بە بۆچونی ئێمە زۆر دەشێت کە خابوری ڕۆژئاوا بێت بە بەڵگەی ئەوەی پلینی گەورەش (کە لەخوارەوە باسی دەکەین) ئەم بۆچونەی خستۆتە ڕوو وپێ وایە ئەدیابین بەرەو ڕۆژئاوا کشاوە. پێناسەی دووەمی ئەمیانوس لە دیاریکردنی سنووری ئەدیابینەوە وفراوانییەتی بەدرێژایی ڕۆژهەڵاتی دیجلە لەدوای نەینەوا تاوەکو دەروازەکانی گۆردینێ دەکشێنێت(Marciak, 2017, 260-261).

دیاریکردنی سنووری ئەدیابین لەلایەن پلینی گەورەوە تەواو جیاواز و فراوانترە لە چاو ئەوەی سترابۆدا، کە بریتیە لە نەینەوا وبەدرێژایی باکوری ڕۆژئاوا، پەل دەکێشێت لە دیجلە دەپەڕێتەوە تاوەکو دەگاتە نوسەیبین Nisibis کە دەکەوێتە سەر ڕووباری 'میگدۆنیۆس Mygdonios ' ئەم ڕووبارە یەکێکە لە لقەکانی ڕووباری خابوور (بە خابووری ڕۆژئاوا ناسراوە) (Marciak, (2011), 191). کەواتە پلینی پێ وایە کە ئەدیابین بەرەو ڕۆژئاوا زیاتر کشاوە وتەنانەت نوسەیبین-یش لە خۆ دەگرێت (Marciak, 2017, 262). بۆچوونی جوگرافیناسی دێرین بەتلیمۆس Ptolemy's تەواو جیاوازە لەگەڵ بۆچونەکەی پلینی گەورە، پێی وایە کە ئەدیابین دەکەوێتە نێوان 'ئەراپاخیتیس Arrapachitis' (بەتلیمۆس بە ئەو بەشەی خاکی ئەدیابین کە نزیکە لە ئەرمینیا وە بە ئەراپاخیتیسArrapachitis دەناسێنێت کە کەرکوکی کۆنە، توێژەر پێ وایە ڕەنگە بەتلیمۆس بەهەڵەدا چووبێت لە دەستنیشانکردنی سنووری ئەڕڕابخا، ناوبراو دەکەوێتە باشوری ئەدیابینە، بەمەش ئەدیابینە دەکەوێتە نێوەندی' ئەراپاخیتیسArrapachitis ' ( Ptolemy, 1932, 133) وگەرمیان ' گەرەمایۆی Garamaioi '(زۆر لەگەڵ ناوی گەرمەکان (بیث گەرمای) دەگونجێت، کە لەسەردەمی ساسانیدا و لەسەرچاوە سریانییەکاندا وەکو ناوچەیەك لە نێوان زێی بچووك وڕووباری دیالە دیاری کراوە کە کەرخا دی بێث سلوك Karka de Beth Selok (کەرکوکی ئێستا) بە پایتەختی ئەو ناوچەیە دیاریکراوە) (Marciak, (2017), 261)، هەروەها دەڵێت لەسەروو ئەدیابینەوە کالْخینێ(کلخو) هەیە و لەسەروو گەرەمایۆی ناوچەی ئەربێلا هەیە، هەروەها دەڵێت دوو ڕووبار لە خاکی ئەوولاتەدا هەن کە دەڕژنە ڕووباری دیجلەوە، کە ڕەنگە مەبەستی لە زێی گەورەو بچووك بێت. لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسەیەی بەتلیمۆس دا وا دەردەکەوێت کە سنووری ئەدیابین دەکەوێتە نێوان زێی گەورە وبچووك، هاوشێوەی سترابۆ وئەمیانۆس(Marciak, 2017, 261).

لێرە بەدواوە، لەگەڵ خوێندنەوەی بۆچونەکانی پێشوو ئەتوانیین بڵێن کە ئەدیابین دەکەوێتە نێوان هەردوو زێی گەورە وبچووك، چەند دەشتاییەکی بەپیت دەکەوێتە نێوان ئەو دوو زێیەوە کە گرنگترینیان دەشتی هەولێرە ، دەکەوێتە نێوان بەرزاییەکانی ئاوانە، وچیای قەرەشوق- یش (مەبەستی لە قەرەجوغە)کە لە ئاوانە بەرزترە دەکەوێتە باشورییەوە (شریف،ج١، 95 ). وهاوسنوور بووە لەگەڵ ئەرمینیا، کۆردوێنێ (لە باکورەوە) ودەریاچەی ورمێ (لە رۆژهەلاتەوە) ، رووباری دیجلە (لە رۆژئاواوە) وتەنانە ت هەندێك زەوی رۆژئاوای دیجلەش وەکو شاری ئاشور، بۆیە توێژەران پێیان وایە کە هاوتایە لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ئاشوری. بەڵام دوای کەوتنی نەینەوای پایتەختی ئاشور لە 612پ.ز. وەدەرکەوتنی ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی وکەوتنی بەدەستی ئەسکەندەری مەکدۆنی وتەنانەت دروستبوونی ئیمپراتۆریەتی سلوقی بەشی هەرە زۆری هەرێمەکانی سەر بە ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی دابەشی بەش ویەکەی بچووکتر بوون(جمیل، (1969)، 219). لەگەڵ ئەوەشدا ئەدیابین گەورەو بچووکی بە خۆوە بینیوە، لەهەمان کاتدا گومانی تێدا نیە کە دەکەوتە ژێر کاریگەریی ئەرمینیا و ئەشکانییەکان وتەنانەت ئیمپراتۆریەتی رۆمانیش(Ellerbrock, 2021, 107).

ئەدیابین لەگەڵ دەرکەوتنی ئەشکانییەکان وەکو شانشینێکی سەردەمی ئەشکانی دەستنیشانکرا، پایتەختەکەی ئەربێلا (هەولێری ئێستا) بوو. جار هەبووە فەرمانڕەوا/ ساتراپەکەی ڕێگە پێدراوبوو بەوەی نازناوی پادشا لەخۆی بنێت(جمیل، (1969)، 219). ئەربێلا وهەرێمەکەی ئەدیابین پێگەیەکی دیاریان هەبوو لەلایەن پادشایانی ئەشکانییەوە بۆیە بەشێکی زۆر لە تەرمی پادشایانی ئەشکانی لە ئەربێلا دەنێژران، هەرچەندە توێژینەوە تازەکان پێیان وایە ئەو گۆڕانەی کە دۆزراونەتەوە بۆ بنەماڵەیەکی ناوخۆیی دەگەڕێنەوە(Ellerbrock, 2021, 107 ) جگە لە ئەربێلا نەینەوا وئاشوریش بە شارە گرنگەکانی دیکەی ئەدیابین لەقەڵەم دەدران(Ellerbrock, 2021, 107 ). بەدەر لەوشارانەش تەها باقر ئاماژەی بەوە داوە کە ئاڵتون کۆپری ناسراو بە پردێ لەسەردەمی ئەشکانیدا بەشێك بوو لە شانشینی ئەدیابینە(باقر،(1975)، 633). بۆ بینینی هەڵکەوتەی جوگرافی شانشینی ئەدیابین وشانشینەکانی سەردەمی ئەشکانی (بروانە نەخشەی ژ.١).

**نەخشەی ژمارە (١)**

**شانشینی ئەدیابین لەسەردەمی ئەشکانیدا**




**سەرچاوە: (Ellerbrock, 2021, 104)**

## تەوەری دووەم
## ناو و بارودۆخی سیاسی ئەدیابین

### یەکەم: ناوی ئەدیابین:

لە سەرچاوە دێرینەکاندا بەشێوەی جیاواز هاتووە (مجید، (2015)، 167). ئەشکانییەکان بە 'نتون شرێ' ntwn šry' ناوی ئەدیابینیان لە سەر سکەکانی حاترا/هاترا تۆمارکردووە، ساسانییەکانیش پێیان ووتووە 'نتوشرکن ' šrkn ntw کە دواتر گۆڕیان بۆ 'نۆت-ئەردەشیرەکان Not- Ardashirakan ' بەواتای ئەردەشیری نوێ (Frye, 1984, 279). لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا بە حەززە ناوی هاتووە (ابن حوقل، 1992، 196) لە سەرچاوە سریانییەکانیشدا بە حەدیاب هاتووە(شیر، 1912، ج)، کاتێك ئەمیانوس مارشیللینوس ناوی هەردوو رووباری دیاباس وئەدیاباسی بردووە کە وادیارە لە بنەڕەتدا یەك ڕەگیان هەیە وپەیوەندیان بە ڕەگی ئارامیی ناوی ئەدیابین=حەدیابەوە هەیە، بە هەردوو رووباری زێ دیاری کراوە ( ,Marcellinus, 23.6.20-22, 1940, 361 (Marciak, 2017, 261). ڕەگی ناوی حەدیاب-یش پەیوەندی پە ووشەی دیب 'di'b'ەوە هەیە کە واتای گورگ (الذئب) دەگەیەنێت(Marciak, 2017, 261). لەسەرچاوە کلاسیکیەکاندا بە ئەدیابین/ئەدیابینێ (Adiabenê, Adiabeni) هاتووە ( Strabo, 16.1.19, p. 225.).

### دووەم: پوختەی مێژووەکەی:

لەڕێگەی سەرچاوە کۆنەکانەوە زانیاریمان لەسەر فەرمانڕەوایان وپادشایانی ئەدیابینەوە دەست دەکەوێت. یەکەمینیان ناوی 'ئارتاکساریس Artaxares ' بووە، تەنها لە ڕێگەی سەرچاوەی ناسراو بە ' Res Gestae Divi Augusti'ی تایبەت بە ئیمپراتۆر ئۆگوستوسەوە دەیناسین. ناوی شانبەشانای فەرمانڕەوایانی رۆژهەڵات ورۆژئاوا ئیمپراتۆری رۆمانی (پادشایانی ئەشکانی تیریداتس، فەرهاد وکوڕەکەی وئارتاڤاسیدیس-ی میدیای ئەترۆپاتین) وەکو فەرمانڕەوای ئەدیابین هاتووە(Marciak, 2017, 349). دوای ئەوەی فەرهادی پێنجەمی ناسراو بە فەرهادی بچووك، پادشای ئەشکانی لە 2-3 ز. هاتە سەر تەخت، هێندەی نەخایاند لە 4ز. دەسەڵاتی لەدەست دا وبەرەو رۆما هەڵهات(Marciak, 2017, 349). زۆر پێ دەچێت لەدوای لەدەستدانی هێز ودەسەڵاتی ئەشکانییەکان وهەڵاتنی پادشایانی ئەشکانی (لەنێوان ساڵەکانی 29/30 پ.ز.-4ز.) ئارتاکساریس دەسەڵاتی لەدەست دابێت لەبەر یەکێك لەم هۆکارانە، یەکەمیان، ململانێ ناوخۆیی یان دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی پادشای ئەشکانی بۆلابردنی پادشای ناوبراو لە دەسەڵات بەتایبەت دوای ئەوەی ئارتاڤادیس پادشای میدیای ئەترۆپاتین ڕیکەوتنی سازکرد دژ بە ئەشکانییەکان (Marciak, 2017, 350) لەدوای فەرمانڕەوایی ناوبراوەوە ' ئیزاتیسی یەکەم Izates I ' هاتە سەر تەختی دەسەڵات کە لە نیوەی دووەمی سەدەی یەکەمی پ.ز. فەرمانڕەوایی کردووە (Ellerbrock, 2021, 107- 108.). دوای مردنی ئیزاتیسی یەکەم، کوڕەکەی مۆنۆبازۆسی یەکەم لە 33/34ز. بوو بە پادشا (Marciak, 2017, 350).

مێژوونوسی رۆمانی جولەکە فلاڤیۆس جۆسیفوس Flavius Josephus شاژنە هێلینای بە کچی ئیزاتیسی یەکەم ناساندووە، ودەڵێت کە هێلینا هاوسەرگیری لەگەڵ مۆنۆبازۆسی یەکەم Monobazos Iی برای کردووە (Neusner, 1964, 61). جۆسیفوس Josephus ئاماژەی بەوە داوە کە شاژن 'هێلینا Helena ' چۆتە سەر ئاینی جولەکە (Rabin, 2917, 70-90)وخزمەتی پەرستگا وئاینی جولەکەی کردووە

(احمد وفوزي، 1990، 127)، خۆشەویستیەکی زۆری بۆ هەژارانی جوولەکە هەبووە، لە قاتوقڕیەکدا گەنمی لە میسرەوە وهەنجیری ووشکی لە قوبرسەوە هێنا بۆ ئورشەلیم وبە سەر هەژاراندا دابەشیکردووە (Neusner, 1964, 62).

مۆنۆبازۆسی یەکەم دوو کوڕی هەبوو کە جیگرەوەی بوون بەناوی ئیزاتیس دووەم و مۆنۆبازۆس دووەم کە لەسەر هەمان ڕێچکەی دایکیان بوون وچوونە سەر ئاینی جولەکە (Ellerbrock, 2021, 108 ) دوای ئەوە بنەماڵەی شاهانەی ئەدیابین چوون بۆ ئورشەلیم-قودس ولەوێ نیشتەجێ بوون چەند پرۆژەیەکی نیشتەجێ بوون وخێرخوازییان ئەنجام دا (احمد، 2016، 19; Grabowski, 2012, 117-139)، لەگەڵ کوڕەکانی لە گۆرستانی پادشایانی ئورشەلیم نێژراون (احمد وفوزي، 1990، Grabowski, 2012, 117-139;127 ). تابووتە بەردین ونەخشێراوەکەی شاژنە هێلێنا لە دەورووبەری ٥٠ز. دا دروست کراوە لە ١٨٦٣ دۆزراوەتەوە ولە ٢٠٠٧ز. دا یەکێک لە بینا هەرە گەورەکانی کە لەو شارەدا بنیاتی نابوون دۆزرایەوە (احمد وفوزي، 1990، Grabowski, 2012, 117-139;127 ).

لە ڕێگەی جۆسیفوسەوە تاکە زانیاریمان لەسەر مۆنۆبازۆسی یەکەم دەستکەوت کە ئیزاتیس دووەم کوڕی بە فەرمانڕەوایی کوردۆینێ جیگیر کردوە ( Marciak, 2017, 351).هەر ئەو مێژوونوسە دەڵێت لەساتە وەختی هاتنە سەر تەختی دەسەڵات ئیزاتیس پادشای ئەدیابین هەوڵی دوور خستنەوەی ڕکابەرەکانی لە تەختی شاهانە دەدا، وناردنی بۆ لای پادشایانی ئەشکانی ئەردەوانی دووەم وئیمپراتۆری رۆمان کلاودیۆسClaudius (Marciak, 2017, 351-352).

دوای ئەوەی' ئەردەوانی دووەم Artabanus II' (11/12-40ز.) بەهۆی یاخیبوونی خانەدانەکانەوە هەڵهات وئەدیابینی کرد بە پەناگای خۆی، ئەدیابین بوو بە پەناگەی پادشایانی ئەشکانی تریش. لەبەرامبەر ئەو پاڵپشتی ویارمەتییەی ئیزاتیسی دووەم پێشکەشی ئەردەوانی دووەمی کرد (ومانەوەی لە کوردستان)، پاش گەڕانەوەی بۆ سەر دەسەڵاتەکەی خۆی لە پارتوا، ئیزاتیسی دووەمی خەڵاتکرد وشاری نوسەیبینی پێ بەخشی وبەمەش دەسەڵاتەکەی فراوانتربوو. پادشای ئەشکانی مافی ئەوەی بە ئیزاتیسی دووەم دا (شیر ، 1913, 179-178) کە لەسەر تەختێکی زێڕین دابنیشێت وتاجی زێڕین لەسەر بنێ کە هێما وسیمبوڵ وشکۆی پادشایەتی بوو لەلای ئەشکانییەکان ( Neusner, 1964, 61-62, Ellerbrock, 2021, 108).

لەدوای مۆنۆبازوسی دووەم فەرمانڕەوایەك یان میرێکی ئەشکانی دەسەڵاتی گرتە دەست بە ناوی 'ڕەقباکت ' Raqbakt لە پاش ئەویش 'نارسە Narseh' . بەپێی سەرچاوەی" کرۆنۆلۆجی ئەربێلا (ئەگەر بتوانین پشتی پێ ببەستین) ( Frye, 2000 , 92 ,118, Bivar, 2000 ) بێت، نارسە پادشای ئەدیابینی یارمەتی پادشای ئەشکانی نەداوە لە دامرکاندنەوەی یاخیبونێکدا، لەبەر ئەوە بە توندترین شێوە سزا دراوە بەوەی دراوە بەدەم ئاوی زێی گەورە و وولاتەکەی لەلایەن ئەشکانییەکانەوە تالان کراوە (احمد، 2016، 18 ;Frye, 1984, 279).

بۆ ماوەیەکی زۆر کورت ئەدیابین کەوتە ژێر دەستی ڕۆمانەکانەوە کاتێك تراجان (98-117ز.) لە 115ز. یان 116ز هێرشی کردە سەر ئەشکانییەکان ( Neusner, 1964, 144; Bivar, 2000, 88). بەشێك لە توێژەران شاڵاوی داگیرکردنی ئەرمینیا ومیسۆپۆتامیا لەلایەن تراجانەوە بۆ 114ز. دەگەڕێننەوە، بەڵام لە 115ز. هێرشی بۆ سەر ئەدیابین وتەیسەفون ئەنجامدا. بۆیە دەتوانرێت هێرشەکەی تراجان بۆ ڕۆژهەڵات دابەشی سێ قۆناغ یان سێ شاڵاوی یەك لەدوای یەك بکرێت، یەکەمیان داگیرکردنی ئەرمینیا لە 114ز.، دووهەمیان داگیرکردنی میسۆپۆتامیا بە نوسەیبین وئەدیابینەوە لە 115ز.، کۆتا هێرش داگیرکردنی تەیسەفون لە 116ز. بوو . واپێ دەچێت کە گەیشتنی تراجان بۆ تەیسەفوون 3 ساڵی خایاندبێ ( Bivar, 2000, 88; Dignas and Engelbert , 2007 14-15). لەو ساتەشدا کەسێك بەناوی 'مێبارساپیس Mebarsapes ' پادشای ئەدیابین بوو، کەسێکی چالاك بوو لەڕووی سەربازییەوە، سەرچاوەکان ئاماژە بەچەند هێرشێکی رۆمانەکان دەدەن دژ بە مێبارساپیس، بەتایبەت سەرکردە 'لوسیۆس کویتوس 'Lusius Quietus ( Marciak, 2017, 367, Bennett, 1997, 198-199). کاسیۆس دیۆ Cassius Dio ' ئاماژەی بەوە داوە کە لە سەرەتای بەهاردا ولەپاش ئەوەی تراجان وهێزەکەی لە ڕووباری دیجلەدا پەڕینەوە بەرامبەر چیاکانی گۆردینێ َدوای بەرهەڵستیەکی زۆر تەواوی ئەدیابین کەوتە ژێر دەستی رۆمانەکان (Cassius Dio, 1914, 409). تراجانی ئیمپراتۆر نازناوی ئەدیابینیکۆس Adiabenicus ی وەرگرت (Frye, 1984 , 279). وادیارە لە دوای گرتنی شوێنەکان ئەو نازناوەیان وەردەگرت. پاشان نوسەیبین-یان داگیرکرد، کە بەشێکی دیار لە توێژەران پێیان وایە کە نوسەیبین ناوچەیەکی تایبەت بە پادشای ئەدیابین مێبارساپیسە، لەو خاکەدا ونزیك لە نوسەیبین بەشداری جەنگی دژ بە رۆمانەکان کرد ( Marciak, 2017, 367; Bivar, 2000, 88).

فرەی پێ وایە کە نوسەیبین تا ئەو دەمی هێرشەکەی تراجان بۆ ناوچەکە بە بەشێك لە ئەدیابین مایەوە، دوای گەڕانەوەی رۆمانەکان پەیوەندی نێوان ئەشکانییەکان ودەسەڵاتدارانی ئەدیابین شپرزە بوو، وپێ وایە کە ئەو بەشەی نوسەیبین کە لە نێوانی رۆمان وئەشکانییەکان بووە ناوی' بیث نوهادرا Beth Nuhadra ' -ی پێدراوە. ناونیشانی' نوهودار nohodar ' ئەشکانییە وپێگەیەکی زۆر بەرزی هەبووە لەلای ئەشکانییەکان، زۆر پێی دەچێت نازناوێکی سەربازی بێت یان نازناوی دادگا بێت "خاوەن پلەی یەکەم" بێت، دواتر گشتگیر کرا بۆ ئەوەی واتای "ئەندامێك لە چینی خانەدانەکان" ببەخشێت. بە هەرحاڵ نوسەیبین بە ناوچەیەکی گرنگی سەربازی دژ بە رۆمانەکان دادەنرا، لەسەرەتادا لە ژێر دەسەڵاتی ئەشکانییەکان بوو پاشان ساسانییەکان (Frye, 1984 279-280).

پاش نوسەیبین رۆمانەکان هێرشیان کردە سەر سینگارا Singara (کە ناوچەی شەنگال دەکات). جێگەی ئاماژەیە کە ئەو ساڵەی تراجان میسۆپۆتامیای داگیر کرد شارەکانی باتنی/باتنای Batne (باشوری ڕۆژئاوای ئورفە)، وسنگارا Singara و نوسەیبینی کەوتنە ژێر دەستی رۆمانەکان، لوسیۆس کویتۆس ئەو کەسە بوو کە سنگارا (شەنگالی)ی گرت ( Crevier, 1814, 24; Cagnat, 1927, 54-55) لەپاش سینگارا رۆمانەکان هێرشیان کردە سەر ئەدینیسترای Adenystraeکە لە ژێردە سەڵاتی پادشای ئەدیابین دا بوو ( Marciak, 2017, 367) بۆچونی مارچیاک لەسەر ئەو شوێنەبەم شێوەیەیە " توێژەران بە ناوچەیەکی دوور لە ئەدیابین ناساندوویانە، لە ڕۆژئاوای نوسەیبینە کە لە 115ز.کەوتە ژێر دەسەڵاتی رۆمانەکان، پێیان وایە کە ئاسانترە لە رۆژهەڵاتی نوسەیبین بەدوای ئەو ناوچەیەدا بگەرێت هەرچەندە ئەم ڕایەی دیللیمان لە ڕێی مارچیاکەوە وەرگرتووە کە پێشنیازی ئەوەی کردبوو لە نێوان نوسەیبین وهاترا (حضر)، گەڕان بۆ ئەو شارە بکرێت" ( Marciak, 2017, 368). بەدەر لە شاری لیبانا Libana کە ڕاستەوخۆ ناوی لە دوای ناوی ئەدینیسترای هاتووە، وبەشاری ئاشور ناسێنراوەوە، وئاریانی مێژوونوس کاتێك ناوی لیبانای هێناوە دەڵێت دەکەوێتە سەر ڕووباری دیجلە ( Marciak, 2017, 368) .

ئەگەر کۆی ئەم ڕووداوانە بەهەند وەربگرین ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کە نەك تەنها نوسەیبین بەڵکو سینگارا (شەنگال) وتەنانەت ڕەنگە لیبانا ش سەر بە ئەدیابین بوبێت ورۆمانەکان داگیریان کردبێت. بەڵگەمان بۆ ئەمەش بۆچونی کاسیوس دیو Cassius Dio 'یە کە پێی وایە سینگارا و وچەند ناوچەیەکی دیکەش لە 115ز. بەبێ هیچ

شەڕێك دەستی بەسەردا گیرا ( Cassius Dio, 1914,, 405). دوای ئەوەی پادشای ئەدیابین ئەو شارانەی لەدەست دا بەتایبەت ئەوانەی دەکەوتنە ڕۆژئاوای کەناری دیجلە کاریگەریی لەسەر پێگەی جوگرافی ئەدیابین دروستکرد، وڕەنگە ڕووبەڕووی دارمان بوبێتەوە (Marciak, 2017, 378).

دوای ئەو هێرەشی ڕۆمانەکان، دوو نوسەری بیزەنتی بەناوی ئیوترۆپیۆس Eutropius و فێستوسFestus ئاماژەیان بەوە داوە کە دوای ئەوەی بەشێك لە شارەکانی میسۆپۆتامیا کەوتنە ژێر ڕکێفی تراجان، ناویراو سێ هەرێمی نوێ بونیاد نا: لە ئەرمینیا، میسۆپۆتامیا وئاشور. لەسەر ئەو بنەمایەش بەشێك لە توێژەران وای بۆ دەچن کە تراجان هەرێمی ئەدیابینی-یشی بونیاد نابێت (Marciak, 2017, 373).

لە پاش هەڵمەتەکەی تراجان ئەدیابین کەوتەوە ژێر ڕکێفی ئەشکانییەکانەوە لەسەردەمی 'ڤۆلۆگاسسی چوارەم Vologases IV ' (147-191ز.). لەدوای هێرشێکی ڕۆمانەکان لەلایەن' لوسیوس ڤێرسەوە Lucius Verus' (161-169ز.) دژ بە ئەشکانییەکان لە ئێدێسا و نوسەیبین لە 166ز. هێزی ڕۆمانەکان لە نوسەیبین جێگیر بوو (Ellerbrock, 2021, 108 ; Bivar, 2000, 94 ).


لەهێرشێکی دواتری ڕۆمانەکان لەسەردەمی 'سێپتیمیوس سێڤەریۆس Septimius Severus ' (193 -211ز.) لە (195ز.) و'کاراکاللا Caracalla'(211-217 ز.) ی کوڕی لە (216ز.) ئەدیابین بۆماوەیەکی کورت بوو بە شانشینێکی ڕۆمانی (Ellerbrock, 2021, 108). ئێنگێلبرت دەڵێت "بەشێک لە توێژەران کە دەڵێن کە کاراکاللا پلانی هاوسەرگیری هەبوو لەگەڵ کچی ئەردەوانی چوارەم Artubanos IV بەڵام پادشای ئەشکانی قایل نەبووە ، ئەمەش بۆتە بەرپابوونی شەڕ لە نێوانیاندا" (Engelbert, ....., 16). ئەمەش دوای ئەوە دێت کە هەردوو سەرکردە هێرشیان کردە سەر بەشێکی گەورە لە میدیا وپاشان هاترا (حضر) وتەیسەفونی پایتەختیان داگیرکرد، بەرەو گرتنی ئەدیابین بەڕێکەوتن وێرانیان کرد( Bivar, 2000, 95 ; باقر، (1975)، 651) دوای ئەوەی هەولێری گرت وزۆربەی خەڵکەکەی کوشت وشارەکەی وێران کرد، گۆڕی پادشایانی ئەشکانیشیان هەڵتەکاند، گۆڕی ئەوانەی هەولێریان بە دوا مەنزڵگەی خۆیان دیاریکردبوو ( Dignas and Engelbert, 2007, 15; احمد، 2016، 18 ) .

'مشیحا زخا Mšiḥa Zkha ' ئاماژەی بەم ڕووداوانەی سەرەوە داوە لە کتێبەکەی، لەپاش نارسە' شارات Sharat ' هاتە سەر تەخت، دەڵێت "لەسەردەمی بار حیران( 225-258 ز.) ئاژاوە وئاڵۆزی لە تێکڕای ناوچەکەدا بەربڵاوبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ولەبەرامبەر توڕەیی خودا لە گەلەکەی خۆر گیرا، ولە نێوان ڕۆمانەکان وئەشکانییەکان شەڕروشۆڕی زۆر ڕوویاندا، بە پشتیوانی شەرات ی پادشای ئەدیابینە **ئەردەوانی** (213-224ز.) پادشای ئەشکانی چووە نێو خاکی ڕۆمانەکان و وێرانی کرد، وچەندین شاری ئەرمینیایان سوتاند. دوای بیستنی هەمووی ئەم ڕووداوانە، قەیسەری ڕۆمانی' ماکرینوس Macrinus ' لەناکاو بەسوپا بەهێزەکەی هێرشی دەستپێکرد و شەڕ وململانێ بەردەوام بوو لەنێوانیاندا لەنوسەیبین لە218ز. ( Dignas and Engelbert, 2007, 16)، لە کۆتاییدا ڕێککەوتن لەسەرئەوەی چیتر خوێنی هیچ مرۆڤێك نەڕێژن بەبێ هۆکارێکی دیار، پاشان هەریەکێان گەڕانەوە خاکی خۆیان (زخا، 2001، 67).

کەواتا ئەتوانین بڵێین لە دوای کاراکاللا وهاتنی' ماکرینوس Macrinus' ( 218-217ز.) بۆ سەردەسەڵات کۆتایی بەو ناکۆکییە هات کە لە نێوان ئەشکانییەکان وڕۆمانەکان دروست ببو، وەدەوترێت سەرکردەی ڕۆمانی لەبەرامبەر شێواندن وبێڕێزی کردن بە گۆڕی پادشایانی ئەشکانی قەرەبووی ئەردەوانی چوارەمی کردەوە بە بڕە پارەیەکی زۆر (باقر، (1975)، 651-652). لە دوای نزیکەی 10ساڵ واتە لە 226ز. کۆتایی بە فەرمانڕەوایی ئەشکانییەکان هات ودەوڵەتەی ساسانی لەلایەن ئەردەشیرەوە لە 226-241ز. بونیات نرا (باقر، (1975)، 652).

مشیخا زخا دەڵێت شارات-ی پادشای ئەدیابین لەگەڵ پادشای کەرکوك چوونە پاڵ ئەردەشیر-ی ساسانییەکان ولەدژی ئەشکانییەکان جەنگان تاوکو تێکشکان ودەسەڵاتیان کۆتایی پێهات، تەنانەت هەندی کات گوێبیستی ئەوە بووین کە ئەردەشیر پادشای ئەدیابینە بووە (Frye, 2000, 118). لە شوێنەوارە هەرە گرنگەکانی ئەدیابین نەخشە هەڵکەندراوەکەی هەریرە کە بە ڕای هەندێک دەبێت هی ئیزاتی سێیەم بێت، بەڵام بە پێی لێکۆڵینەوەی نوێ زۆر پێ دەچێت ئەبدیساڕیسAbdissares ی پادشای ئەدیابین بێت (احمد، 2016، 19; Grabowski, 2012, 117-139). (بڕوانە وێنەی ١) بەپێی لێکۆڵینەوە شوێنەوارییەکان ئەدیابین بەشێوەیەکی گشتی کەوتۆتە ژێر کاریگەری یۆنانی، هیللینستی، وئەشکانی. بەڵام کاریگەری ئەشکانی زۆر دیارتر بوو بەتایبەت لە سەدەی یەکەمی پێش زایینەوە تاوەکو سەدەی سێیەمی زایینی (Ellerbrock, 2021, 108).

**وێنەی ژمارە (١)**
**نەخشە هەڵکەندراوەکەی حەریر کە گومان دەکرێت پادشای ئەدیابین بێت**



**سەرچاوە: Grabowski, 2012, 120-121**

## ئەنجام

ئەدیابین شانشینێك بووە لەنێوان دوو ڕووباری هاوشێوەی یەك، ئەو شانشینە پایتەختەکەی ئەربێلا بووە ودەکەوتە نێوان هەردوو ڕووباری لیکۆس وکاپرۆس کە بە زێی گەورە وبچووك ناسراون.

بەپێی بارودۆخی سیاسی وولأت سنووری ئەدیابین گەورەو بچووکی بە خۆوە بینیوە ئاڵتون کۆپری ناسراو بە پردێ و نوسەیبین وشەنگالیش بەشێک بوون لەو شانشینە، جگە لە ئەربێلا نەینەوا وئاشوریش بە شارە گرنگەکانی دیکەی ئەدیابین لەقەڵەم دەدران.

ئەم شانشینە هاوسنوور بووە لەگەڵ ئەرمینیا، کۆردوێنێ (لە باکورەوە) ودەریاچەی ورمێ (لە ڕۆژهەلاتەوە) ، ڕووباری دیجلە (لە ڕۆژئاواوە) وتەنانەت هەندێك زەوی ڕۆژئاوای دیجلەش وەکو شاری ئاشور.

لەگەڵ دەرکەوتنی ئەشکانییەکان ئەدیابین وەکو شانشینێکی سەردەمی ئەشکانی دەستنیشانکرا، ێگەیەکی دیاریان هەبوو لەلایەن پادشایانی ئەشکانییەوە بۆیە بەشێکی زۆر لە تەرمی پادشایانی ئەشکانی لە ئەربێلا دەنێژران. جار هەبووە فەرمانڕەوا/ ساتراپەکەی ڕێگە پێدراوبوو بەوەی نازناوی پادشا لەخۆی بنێت.

ناوی ئەدیابین لە سەرچاوەکاندا بەشێوەی جیاواز هاتووە. ئەشکانییەکان بە ’نتون شڕی‘ ’ntwn šry‘ ناوی ئەدیابینیان لە سەر سکەکانی حاترا/هاترا تۆمارکردووە، ساسانییەکانیش پێیان ووتووە ’نتوشرکن ‘ šrkn ntw کە دواتر گۆڕیان بۆ ’نۆت-ئەردەشیرەکان‘ Not- Ardashirakan بەواتای ئەردەشیری نوێ. لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا بە حەززە ناوی هاتووە، لە سەرچاوە سریانییەکانیشدا بە حەدیاب هاتووە ، لەسەرچاوە کلاسیکیەکاندا بە ئەدیابین/ئەدیابینێ (Adiabenê, Adiabeni)هاتووە .

شاژنە هێلێنای کچی ئیزاتیسی یەکەمی فەرمانڕەوای ئەدیابین هاوسەرگیری لەگەڵ مۆنۆبازۆسی یەکەم Monobazos Iی برای کردووە، پاشان ئەم شاژنە چۆتە سەر ئاینی جولەکە وخزمەتی پەرستگا وئاینی جولەکەی کردووە، خۆشەویستیەکی زۆری بۆ هەژارانی جوولەکە هەبووە، لە قاتوقڕیەکدا گەنمی لە میسرەوە وهەنجیری ووشکی لە قوبرسەوە هێنا بۆ ئورشەلیم وبەسەر هەژاراندا دابەشی کردووە. ئیزاتیس

دووەم و مۆنۆبازۆس دووەم لەسەر هەمان ڕێچکەی دایکیان بوون وچوونە سەر ئاینی جولەکە.

پاشان بنەماڵەی شاهانەی ئەدیابین چوون بۆ ئورشەلیم ولەوێ نیشتەجێ بوون چەند پرۆژەیەکی نیشتەجێ بوون وخێرخوازییان ئەنجام دا، کۆشک وگۆڕی شاهانەیان دروست. شاژنە هێلێنا لەگەڵ کوڕەکانی لە گۆرستانی پادشایانی ئورشەلیم نێژراون. تابووتە بەردین ونەخشێراوەکەی شاژنە هێلێنا لە دەورووبەری ٥٠ز. دا دروست کراوە لە ١٨٦٣ دۆزۆاوەتەوە ولە ٢٠٠٧ز. دا یەکێک لە بینا هەرە گەورەکانی کە لەو شارەدا بنیاتی نابوون دۆزرایەوە.

لە سەردەمی مێبارساپیس Mebarsapes –ی پادشای ئەدیابین، ئەم شانشینە بۆ ماوەیەکی زۆر کورت کەوتە ژێر دەستی ڕۆمانەکانەوە کاتێك تراجان (98-117ز.) لە 115ز. یان 116ز هێرشی کردە سەر ئەشکانییەکان. تراجانی ئیمپراتۆر نازناوی ئەدیابینیکۆس Adiabenicus ی وەرگرت. لە دوای ئەدیابین نوسەیبین وسینگارا و وئەدینیسترای کەوتە ژێر ڕکێفی رۆمانەکانەوە.

لە پاش هەڵمەتەکەی تراجان ئەدیابین کەوتەوە ژێر ڕکێفی ئەشکانییەکانەوە لەسەردەمی ’ڤۆلۆگاسسی چوارەم Vologases IV ‘، بەلام لەسەردەمی ’سێپتیمیوس سێڤەرێوس Septimius Severus ‘ لە (195ز.) و’کاراکاللا Caracalla‘ ی کوڕی لە (216ز.) ئەدیابین جارێکی تر بوو بە شانشینێکی رۆمانی. ئەدیابینی وێرانکرد دوای ئەوەی هەولێری گرت وزۆربەی خەڵکەکەی کوشت وشارەکەی وێران کرد، گۆڕی پادشایانی ئەشکانیشیان هەڵتەکاند، گۆڕی ئەوانەی هەولێریان بە دوا مەنزڵگەی خۆیان دیاریکردبوو.

دوای کاراکاللا وهاتنی ’ماکرینوس Macrinus ’ (217-218ز.) بۆ سەردەسەڵات کۆتایی بەو ناکۆکییە هات کە لە نێوان ئەشکانییەکان ورۆمانەکان دروست ببو، وەدەوترێت سەرکردەی رۆمانی لەبەرامبەر شێواندن وبێڕێزی کردن بە گۆڕی پادشایانی ئەشکانی قەرەبووی ئەردەوانی چوارەمی کردەوە بە بڕە پارەیەکی زۆر لە دوای نزیکەی 10ساڵ واتە لە 226ز. کۆتایی بە فەرمانڕەوایی ئەشکانییەکان هات ودەوڵەتەی ساسانی لەلایەن ئەردەشیرەوە لە 226-241ز. بونیات نرا.

## لیستی سەرچاوەکان

### لیستی سەرچاوە کوردی وعەرەبییەکان:

ابن حوقل، ابی القاسم ،(1992)، صورة الارض، دار مكتبة الحياة، بيروت.
احمد، كۆزاد محمد، (2016)، کورتە مێژوویەکی کوردستان چاخی بەردینی کۆنەوە تا کۆتایی ساسانییەکان ،توێژینەوەیەکی بلأونەکراوە.
باقر، طه، (1975)، " جولات اثارية بين مواطن الاثار في شمالي العراق"،گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، بەغدا.
جميل، فؤاد، (1969)، "حدياب اربيلا وعشتار-اربيلا"، سومر25، ج. 1و2 .
مجيد، كامەران محمد جلال،(2015)، ”پێگەی ئەدیابین وکاریگەری لەسەر گۆڕانە سیاسی وکلتورییەکانیدا لەسەدەی یەکەمی پێش زایینەوە تاسەدەی حەوتەمی زایینی (توێژینەوەیەکی مێژووی سیاسی وکلتورییە) “، گ. زانکۆی راپەڕین، بەرگ (ژ.4).
زخا، مشيخا، (2001)، كرونولوجيا اربيل، ترجمة وتحقيق: عزيز عبد الاحد نباتي، اربيل.
شريف، ابراهيم،(بدون سنه)، الموقع الجغرافي للعراق واثره في تاريخه العام حتى الفتح الاسلامي، ج1، بغداد.:
شير، ادى، تاريخ كلدو واثور،(1913)، المطبعة الكاثوليكية، مج٢، بيروت، ص. ج.

### لیستی سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

Bennett, J., (2017), Trajan Optimus Princeps A life and Times, London.
Crevier, J.B.L., (1814), The History of The Roman Emperors From Augustus To Constantine, Vol. VII, London.
Cagnat, R., (1927), “Inscription Romaine du Sindjar au nom de Trajan”in, Syria VIII.
Cassius, D., (1914), DIO’S Roman History, with an English Translation bye Earnest Cary,Vol. VIII, London, LXIII.26.3.
Dignas, B. and W. Engelbert, (2007),Rome and Persia In Late Antiquity (Neighbours and Rivals), Cambridge Unuversity Press.
Ellebrock. U., (2021), The Parthians (The Forgotten Empire), NewYork.
Frye, R.N., (2000), The Political History Of Iran Under The sasanians, in: The Cambridge History Of Iran, Vol. (3)1, Cambridge University Press.
Grabowski, M., (2011) “Abdissares of Adiabene and the Batas-Herir,” Światowit- Annual of the Institute of Archaeology of the University of Warsaw, IX (L) ,Fascicle A, Warsaw.
Herzfeld, E., (1968), The Persian Empire, Wiesbaden.
Josephus, (1965), Jewish Antiquities, XX. 54-66, Loeb Classical Library, Harvard.
Marciak, M., 2 (2011), Seleucid-Parthian Adiabene in the Light of Ancient Geographical and Ethnographical Texts, Anabasis- Studia Classica et Orientalia
Marciak, M., (2017), Sophene, Gordyene, and Adiabene (three Regna Minora Of Northern Mesopotamia Between East and West), Leiden.
Marcellinus, A., (1940), Ammianus Marcellinus , With an English Translation by John C. Rolfe, Vol.II, 23.6.20-22 (Loeb Classical Library) , Harvard University Press.
Neusner, J. , (1964), "The Conversion of Adiabene to Judaism ", Journal of Biblical literature, Vol. 83, No. 1, Brandeis University.

Ptolemy, C., (1932), The Geography, Translate and edited bye Edward Luther Stevenson, New York.

Rabin, A.,(2007), The Adiabene Narrative in the Jewish Antiquities of Josephus, D. Phil. In Oriental Studies, Wolfson College.

Sellwood, D., (1983) "Adiabene", Encyclopaedia Iranica, Vol.I, London.

Smith, W., (1854), Dictionary of Greek and Roman Geography, Vol. I, London.

Strabo, (1930), The Geography of Strabo, With an English Translation by Horace Leonard Jones,Vol. 7, XV-XV1, Harvard University Press.

Strabo, (1928), The Geography of Strabo, With an English Translation by Horace Leonard Jones,Vol. 5, X-XII, Harvard University Press.